# ترسناكی زمان له سه‌ر دوارۆژی ئینسان

( زنجیره‌ی یه‌كه‌م )

ئاماده‌كردنی : م/ محسن محمود سلمان
إمام و خه‌طیبی مزگه‌وتی
صلاح الدين له زه‌ڕايه‌ن

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين وبعد:

به‌ راستی زمان ئامێرێكی ورده‌ كاره‌ كه‌ خوای گه‌وره‌ به‌ خشیوێتی به‌ مرۆڤه‌كان و یه‌كێكه‌ له‌ دروست كراوه‌ سه‌ر سوڕهێنه‌ره‌كانی، هه‌رچه‌نده‌ دروست كراوێكی قه‌باره‌ بچوكه‌ به‌ڵام گه‌وره‌ترین به‌شی ئیمان و خواناسی پێوه‌ به‌نده‌ كه‌ بریتی‌یه‌ له‌: (ده‌ربڕینی هه‌ردوو شایه‌تومان)، چونكه‌ به‌ بێ ووتنی زمان ئه‌و دوو شایه‌تومانه‌ هیچ بایه‌خێكی نی‌یه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا گه‌وره‌ترین گوناهی پێ ئه‌نجام ده‌درێت كه‌ بریتی‌یه‌ له‌ ووتنی كوفر و هاوبه‌ش په‌یدا كردن بۆ خوای گه‌وره‌ .

كه‌واته‌ ترسناكترین شت له‌ سه‌ر مرۆڤ كه‌ كرده‌وه‌ چاكه‌كانی له‌ كیس بدا زمانه‌ !

بۆیه‌ پێویسته‌ له‌سه‌ر ئاده‌میزاد به‌ر له‌وه‌ی ده‌م بكاته‌وه‌ ئاگاداری قسه‌كانی بێت و بڕوای وا بێت كه‌ هه‌موو قسه‌كانی كۆده‌كرێته‌وه‌ و تۆمار ده‌كرێت له‌ نامه‌ی كرده‌وه‌ چاكه‌كانیدا، یان له‌ نامه‌ی كرده‌وه‌ خراپه‌كانی، وه‌كو خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رمێت: ﴿ما يلفظ من قولٍ إلا لديه رقيب عتيد﴾ [ق: ١٨] .

واته‌: هیچ وته‌یه‌ك له‌ ده‌می ئاده‌میزاد ده‌رناچێ ئیللا فریشته‌یه‌ك چاودێر و گوێ بیستی قسه‌كه‌یه‌تی و تۆماری ده‌كات .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) لە میانەی فەرمایشتەکانیدا بۆ (معاذ بن جبـل رضي الله عنه) فەرمووی: ((ألا أخبرك بـملاك ذلك كله؟ قلت: بلى يا رسول الله، فأخذ بلسانه ثـم قال: كُف عليك هذا، قلت: يا نبـي الله وإنا لمؤآخذون بـما نتكلم بـه؟ فقـال: ثكلتك أمك يا معاذ! وهل يكب النـاس في النار على وجوههم أو قال: على منـاخرهم إلا حصائد ألسنتهم))(١).

واتە: ئەی (معـاذ) پێت بڵێم کردارە چاکەکانی تۆ بە هۆی چییەوە دەچەسپێت؟ ووتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەویش لە وەڵامدا زمانی خۆی بە دەستی گرت و فەرمووی: ئاگات لەمە بێت (واتە: زمان)، منیش ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا تۆڵەی ئەو قسانەمان لێ دەسەنرێتەوە کە دەیان کەین! ئەویش فەرمووی: لە کیس دایکت چی، ئایا هەموو ئەو کەسانەی کە فڕێ دەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە لە سەر رووخساریان مەگەر بەروبومی قسە خراپەکانیان نییە!

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە پتەوی ئیمان و هۆگری دڵی مرۆڤی بۆ گوێڕایەڵی پەروەردگار بەستۆتەوە بە پاراستنی زمان لە هەرزە گۆیی و دەفەرمێت: ((لا يستقيم إيمان عبد حتى يستقيم قلبه، ولا يستقيم قلبه حتى يستقيم لسانه))(٢).

واتە: بیروباوەڕی هیچ کەسێك دانامەزرێت هەتا دڵی دانەمەزرێت، دڵیشی جێگیر نابێت هەتا زمانی جێگیر نەبێت .

کەواتە زمان شیرینی و چاك بێژی نیشانەی جێگیر بوونی ئیمانە لە دڵ و دەروونی خاوەنەکەیدا ئەگەر بتوانێ زمانی ڕابێنێ لەسەر ووتەی بەرز و بە نرخ، چونکە زمان لێکدەرەوەی هەموو نهێنییەکانی ناو دڵە .

وە باشترین چارەسەرێك بۆ دوورە پەرێزی و خۆ پارێزی لە نەهامەتی و ناسۆرێکانی زمان پێویستە بێ دەنگی هەڵبژێرین و خۆمان لە بازنەی ئاینەکەمان گیرۆدە بەکەین چونکە زۆربەی تاوانەکانی مرۆڤ زمان هۆکاریەتی، بۆیە پێغەمبەر

---

(١) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (٢٨٦٦) .

(٢) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٨٤١) .

(ﷺ) ڕێنمایی ئوممەتەکەی کردووە بۆ بێدەنگی لە کاتێکدا کە هیچ بەرژەوەندی یەکی دینی و دونیایی تێدا بەدی نەکرێت و دەفەرمێت: ((من كان يؤمن بالله واليـوم الآخر فليقل خيرا أو ليصمت))[٣].

واتە: هەرکەسێك بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوای هەیە ئەوا با یان قسەی چاك بکات یان با بێ دەنگ بێت .

وە لە فەرموودەیەکی تردا بەختەوەری ئـادەمیزاد دەبەستێتەوە بە بێ دەنگییەوە، وەك فەرموویەتی:

((من صمت نـجا))[٤].

واتە: هەرکەسێك بێ دەنگ بێت (واتە: لە خراپە وتن) ئەوە ڕزگاری بووە .

هەروەها (أبو الـدرداء رضي الله عنه) هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت: (خۆتان فێری بێ دەنگی بکەن هەروەك چۆن خۆتان فێری قسە کردن دەکەن، چونکە بێ دەنگی وشیاریيەکی مەزنە) .

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش: ئایا بێ دەنگی حوکمی چییە لە ئیسلامدا؟

(٣) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (١٦٦) .
(٤) صحيح الـجامع الصغير رقم: (٦٣٦٧) .

لە وەڵامدا ئەم فەرمایشتەی (ابـن رجب) دێنینەوە بیرتان کە دەفەرمێت: (بە هەر حاڵ پابەند بوون بە بێدەنگییەوە بە نیازی عیبادەت بە هەمیشەیی یان لە کاتی جێبەجێ کردنی بەندایەتییەکدا (وەکو ئوممەتانی پێشوو) لە کاتی حەج کردندا یان لە کاتی ڕۆژووگرتندا ئەمە پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کردووە) . بەڵام بێدەنگی بە نیازی خۆپارێزی لە خراپە بێژی ڕزگاری و سەرفرازی بوونە.

هەروەها (أبـو بكـر الـصديق رضي الله عنه) بەرپەرچی ئەو ئافرەتەی دایەوە کە بە بێ دەنگی حەجی دەکرد، و پێی فەرموو: (قسە بکە ئەم بێ دەنگییە دروست نییە و کردەوەی سەردەمی نەفامییە)[٥].

## تاوانەکانی زمان

بە داخەوە ئەگەر تەماشای هەڵس و کەوتی موسڵمانان بکەین بە شێوەیەکی گشتی دەبینین زۆربەی ئەو گوناهانەی کە خوای گەورە ئاماژەی پێ کردووە و

(٥) رواه البخاري .

پێغەمبەریش (ﷺ) ئوممەتەکەی لێ ئاگادار کردووەتەوە لە ناو موسڵمانانداا زۆر بەرچاون: وەك بڵێی: ئەو دەقە شەرعی یانەی کە دەربارەی زمان هاتوون پەیوەندی بە ئێمەی موسڵمانەوە نیە! پەنا بە خوا .

بۆیە بە پێویستی دەزانم بچینە بەر ڕۆشنایی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ تیشك خستنە سەر ئەو تاوانانەی کە پەیوەندارن بە زمانەوە هەی کە برتین لەمانەی خوارەوە:

**یەکەم: جوێن:**

**جوێن:** بریتیە لە گشت ئەو قسە و وتنانەی کە مەبەستی پێی بەکەم زانین و گاڵتە پێکردن و سوکایەتی پێ کردن بێت و ببێتە مایەی ئازار دانی هەست و دەرونی کەسانی بەرامبەر .

**جوێندانیش دەکرێت بە دووبەشی سەرەکیەوە:**

**یەکەم:** جوێندان بە خوای گەورە، یان بە پێغەمبەر (ﷺ)، یان بە ئایینی ئیسلام، ئەمەش کوفرە و لە هەرکەسێکەوە بوەشێتەوە کافر دەبێت .

هەموو زانایانی ئیسلام کۆدەنگن لە سەر ئەوەی کە هەرکەسێك جوێن بدات یان سوکایەتی بکات بە خوا و پێغەمبەر (ﷺ) و ئایینی ئیسلام ئەوە کافر و بێ باوەڕە، چونکە باوەڕهێنان بە پەروەردگار دادەمەزرێت لە سەر بڕیاردانی ئەوپەڕی گەورەیی و خۆشەویستی تەواو بۆ خوای گەورە، لە گەڵ ملکەچی و بەندایەتی و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی، هەروەها بە پاك ڕاگرتنی لە هەموو کەم و کوڕی و ناتەواویەك، بە هەمان شێوە باوەڕی هیچ کەسێ دانامەزرێت هەتا بڕوادار نەبێت بەو ئایینەی کە پەروەردگار وەك کۆتا ئایین ناردی بۆ ئادەمیزاد هەتا ڕۆژی دوایی، چونکە تەنها ئەو ئایینە پەسەند کراوە لای پەروەردگار، لەگەڵ بڕیاردانی ڕێز و خۆشەویستی و گوێڕایەڵی و بە ڕاستی زانینی پێغەمبەری پێشەوا (ﷺ)، بەڵام جوێن دان و سوکایەتی کردن بە خوا و پێغەمبەر و ئیسلام دەبێتە هۆکاری سەرەکی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئیمانە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسانەمان ئەم ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ﴾. [التوبة: ٦٤ ـ ٦٦] .

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ ئایا ئێوە بە خودا و ئایەتەكانی و پێغەمبەرەكەی گاڵتەتان دەكرد، ئیتر بێ سودە پاكانە مەكەن چونكە بە ڕاستی ئێوە كافر بوون پاش باوەڕ هێنانتان .

هەروەها هەمان حوكمی كافر بوون هەیە بۆ ئەو كەسانەیش كە گوێ دەگرن و ئامادە دەبن لەو كۆڕ و دانیشتنانەی كە جوێن و سوكایەتی تێدا دەكرێت بە خودا و ئیسلام و پێغەمبەر (ﷺ) و لێیشی بێ دەنگن، خوای گەورە بە ڕاشكاوی لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا﴾ [النساء: ١٤٠] .

هەروەها ئەو كەسانەی كەوا ئازاری خودا و پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن بە (جوێن، تەشەردان، وشەی ناشایستە و لۆمەكردن) دوچاری نەفرەتی خودا دەبن لە دونیا و قیامەتدا وەك دەفەرمێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا﴾ [الأحزاب: ٥٧] .

واتە: ئەو كەسانەی ئازاری خودا و پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن بە جوێن دان و كوفر كردن و سوكایەتی پێ كردنیان خودا نەفرەتی لێ كردون و سزایەكی سەر شۆڕكەری بۆ داناون .

شیخ (عبدالعزیز بن باز رحمه الله) لە وەڵامی پرسیارێكدا كە ئاراستەی كرابوو لە سەر حوكمی جوێن دان بە خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) و ئاینی ئیسلام دەفەرمێت: (جوێن دان بە ئایینی ئیسلام یان خوای گەورە یان یەكێ لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام ) گەورەترین تاوان و خراپەیە و بە گەورەترین هۆكاری هەڵوەشاندنەوەی ئیمانی ئەو كەسە دادەنرێت، وە ئەگەر ئەو كەسە خۆی بە موسڵمان بزانێت ئەوا بەو ڕەفتارەی بە هەڵگەڕاوە (مرتد) دەژمێردرێت، پێویستە داوای پەشیمان بونەوەی لێ بكرێت، وە ئەگەر پەشیمان

نەبوەوە پێویستە بدرێتە دادگای شەرعی و لە لایەن دەوڵەتەوە حوکمی شەرعی لەسەر پیادە بکرێت) .

موسڵمانی بەڕێز خۆت بپارێزە لەم هەڵدێرە ناهەموارە و لەم ڕێگە ترسناکە چونکە ئەو کەسەی کە جوێن بدات یان سوکایەتی بە خوای گەورە و ئایینی ئیسلام و پێغەمبەر (ﷺ) بە گوێرەی دەقەکانی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان کافر و بێ باوەڕە .

**دووەم:** جوێندان بە جگە لە خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) و ئایینی ئیسلام، ئەمەش لە چەند جۆرێك پێك هاتووە كە ئەمانەن:

**(١) جوێندان بە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ):**

هاوەڵانیش لەو بەڕێزانە پێك دێن كە هاوڕێ ی دڵسۆزی بانگەوازی پێغەمبەر (ﷺ) بوون و ئەوانەن کە سەرەوت و گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناوی سەرخستنی بانگەوازی یەکخواپەرستی، وە ئەوانەن کە پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا باسی پێشبڕکێ و چاکەکاری ئەوانمان بۆ تۆمار دەکات بۆ ئەوەی هەتا ڕۆژی دوایی ڕێز و گەورەیی و خۆشەویستیان لە دڵ و دەروونی موسڵماناندا بمێنێتەوە وەك خوای گەورە دەفەرمێت: ﴿والسابقون الأولون من المهاجرين والأنصار والذين اتبعوهم بإحسان رضي الله عنهم ورضوا عنه وأعد لهم جنات تجري تحتها الأنهار خالدين فيها أبدا ذلك الفوز العظيم﴾ [التوبة: ١٠٠] .

واتە: ئەوانەی کە پێشەنگی یەکەمی کاروانی ڕامالینی کوفر و ستەم بوون لە کۆچکەران و پشتیوانان و ئەوانەی کە بە چاکی شوێنیان کەوتوون خوا لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خوا ڕازی بوون، وە باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون کە چەندەها ڕووبار بە ژێر کۆشك و باخەکانیدا دەڕوات و بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەو ئەمەش دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە .

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ئوممەتەکەی ترساندووە لە جوێندان و سوکایەتی کردن بە هاوەڵانی و فەرموویەتی:

((من سب أصـحابي فعليـه لعنـة الله والملائكة والناس أجمعين))[٦].

واتـە: هەركەسـێك جـوێن بـە هـاوەڵانم بدات ئەوا لەعنـەتی خـوا و فریـشتەكان و هەموو خەڵكی لە سەر بێت .

وە لـە بـارەی گـەورەیی هاوەڵانـەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:

((لا تسبوا أصحابي لا تسبوا أصـحابي فوالذي نفسي بيده لو أن أحدكم أنفق مثل أُحد ذَهبـاً مـا أدراك مـد أحـدهم ولا نصيفه))[٧].

واتە: جوێن بە هاوەڵانم مەدەن، جوێن بە هاوەڵانم مەدەن، سوێند بـەو خوایـەی گیانی منـی بەدەسـتە ئەگـەر كەسـێك لـە ئێـوە بـە ئەنـدازەی چیای ئوحـد ئـاڵتون ببەخشێتەوە پاداشتەكەی ناگاتە مـشتێك یا نیوە مشتێكی هاوەڵانم .

كەواتە ڕاڤەی ئەم دەقانـە ئـەو مانایـە دەگەیـەنێت كـە جوێنـدان و سـوكایەتی كردن بە هەركەسێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بە بێ جیاوازی مایـەی بێـزراوی و نەفرەت لێكراوی خاوەنەكەیەتی، چونكە هەموو زانایانی ئیـسلام كـۆدەنگن لەسـەر عەدالـەتی هـاوەڵانی پێغەمبـەر (ﷺ)، لەبـەر ئـەوەی ئـەوان هۆكـاری گەیانـدنی ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام بـوون بـە ئوممەتەكـەی، بۆیـە جـوێن پێـدان و بەگومڕا زانینیان دەبێتە مایەی بە گـومڕا زانینی هەموو ئوممـەتی ئیـسلام، چـونكە ئەگـەر ئوممـەتێك پێـشینان و هـاوەڵانی پێغەمبەرەكەی گومڕا و سـەر لـێ شـێواو بـن ئـەوا ئـەو ئوممەتـە خراپترینـی ئوممەتە ! بۆیە زانایان دەفەرموون:

(خۆشەویـستی هـاوەڵان بەشـێكە لـە ئـایین و ئیمـان و چـاكە كـاری، بـە پێچەوانەوە ڕق لێبوون و جـوێن پێـدانیان بـە شـێكە لـە كـوفر و دوو ڕوویـی و سەركەشی) .

**(٢) جوێندان لە نێوان یەكتریدا (لە نێوان موسڵماناندا):**

ئەمەش بریتیە لە گشت ئـەو قسە و باسانەی كـە دەبێتـە مایـەی توڕەبـوون و ئازار دانی دڵـی بەرامبـەر، لـەم بارەیـەوە (جابر بـن سـليم ﷺ) دەفـەرمێت: بـە پێغەمبەرم (ﷺ) ووت: ئامۆژگـاریم بكـە، لە وەڵامدا فەرمووی: ((لا تسبن أحداً)) .

---

(٦) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٣٤٠) .

(٧) صحيح سنن ابن ماجه رقم: (١٦١) .

واتە: جوێن و قسەی ناشرین بەکەس نەڵێیت، کاریگەری ئەم ئامۆژگاری یە ئەوەندە ڕەنگدانەوەی هەبوو لە سەر جابر تەنانەت جوێنی بە کۆیلە و ئاژەڵیش نەدەدا، لە درێژەی ئامۆژگاری یەکەیدا پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو:

((وإنْ امرؤ شتمك أو عيرك بما يعلم فيك فلا تعيرها بما تعلم فيه))(٨).

واتە: ئەگەر کەسێك جوێنی پێدایت یان تانەی لێدایت بە شتێك کە ئەو پێی دەزانێت و لە تۆشدا هەبوو، بەڵام تۆ ئەو عەیبدار مەکە بەو کەم و کوڕی یانەی کە تۆ دەیزانی و لەودا هەیە .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((من الكبائر شتم الرجل والديه، قالوا يا رسول الله: وهل يشتم الرجل والديه ؟! قال: نعم، يسب أبا الرجل فيسب أباه ويسب أمه فيسب أمه))(٩).

واتە: یەکێکە لە تاوانە گەورەکان کە ئادەمیزاد جوێن بە دایك و باوکی خۆی بدات، وترا ئەی پێغەمبەری خوا: ئایا کەس جوین بە دایك و باوکی خۆی دەدات؟! ئەویش فەرمووی: جوێن دەدات بە باوکی کەسێك، کەسەکەش جوێن دەداتەوە بە باوکی ئەو، وە جوێن دەدات بە دایکی کەسێك کەسەکەش جوێن دەدات بە دایکی ئەو .

ئەمە ئەگەر کەسێك ببێتە هۆکاری مایەی جوێن پێدانی دایك و باوکی لە لایەنی کەسانی ترەوە بە گوناهی گەورە ناوزەڕ بکرێ ئایا تاوانی ئەو کەسانە ئەبێت چەند گەورە بێت کە خۆی هەستێ و ڕاستەوخۆ جوێن بە دایك و باوکی خۆی بدات یان ئازاریان بدات؟!.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت: ((سباب المسلم فسوق))(١٠).

واتە: جوێندان بە مرۆڤی موسڵمان دەبێتە هۆی فاسق بوونی جوێن دەرەکە.

بە گوێرەی ئەم فەرموودانە جوێن دان بە دوو لایەن ئەنجام دەدرێت: لایەنێك ستەم کار و دەست پێش خەرە کە بەرەو چەقی گوناهە هەرە گەورەکان و تاوانە زەقەکانی بردەوە و دەبات، لایەنی دووەم کە ستەم لێکراو و جوێن پێدراوە

(٨) صحيح سنن أبي داود رقم: (٤٠٨٤) .
(٩) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (٢٥١٤) .
(١٠) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (١٣٦٠) .

پێویستە و باشترە ئارام بگرێت و وەڵام نەداتەوە، ئەگەر زۆر ناچار بوو دروستە بەرگری لە خۆی بكات بەو ووشە و زاراوانەی كە خودا پێی ڕازیـیە و سنوری شەرع نەبەزێنێت، بۆ پشت ڕاستكردنەوەی ئەم چەمكە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

((المتسابان ما قالا فعلى البادىء منهما حتى يعتدي المظلوم))[11].

**(٣) جوێندان بە مردووەكان:**

ئەم جۆرەیش دیاردەیەكی زۆر باوە لە ناو كۆمەڵگەدا، دەبینیت خەڵك لەگەڵ هەڵچونیاندا یان لە كاتی ناكۆكی و ناڕێكیدا یەكسەر جوێن و قسەی ناڕەوا بە مردووی یەكتر دەدەن، كەچی پێغەمبەر (ﷺ) بەرهەڵستی لەم ڕەفتارە درێوە كردووە و فەرموویەتی: ((لا تسبوا الأموات فإنهم قد أفضوا إلى ما قدموا))[12].

واتە: جوێن بە مردووەكان مەدەن چونكە ئەوان گەیشتون بە مافی خۆیان لەوەی كە پێشیان خستوە بە چاك بێت یان بە خراپ .

كەواتە بە هیچ شێوەیەك ڕەوا نیـیە جوێن و قسەی ناشیرین بە هیچ مردوویەك بووترێت، مەگەر كەسێك ڕێبازێكی چەوتی گردبێتە بەر و موسڵمانانی چەواشە كردبێت ئەو كاتە دروستە لە پاش مردنی چەواشەكاری یەكانی بوترێ و بخرێتە ڕوو بۆ وریاكردنەوەی موسڵمانان .

**(٤) جوێندان بە كات و ڕۆژگار و سەردەم:**

ئاشكرایە جوێن دان و قسە وتن بە ڕۆژگار و زەمانە بیروباوەڕی (دەهریـیەكانە) كە باوەڕیان وابوو هاتن و ڕۆشتنی زەمان و ڕۆژگار كاریگەری تەواو و سەرەكی هەیە لە مردن و ژیان و دەسەڵاتداری و بێ دەسەڵاتی خەڵكدا، وە هەموو ڕووداوەكانیان دەدایە پاڵ شەو و ڕۆژ و نكوڵی دەسەڵاتی پەروەردگاریان دەكرد، بەڵام لای هەموو كەسێكی ژیر ئاشكرایە كە زەمانە مەیدانی ڕوداوەكانە نەك بكەر و دروستكەری كاروباری ئادەمیزاد بێت، چونكە كار بەدەست و هەڵسوڕێنەری ئەم ژیانە بە وورد و درشتی یەوە تەنها و تەنها خودای باڵا دەستە .

---

(١١) صحيح الجامع الصغير رقم: (٦٦٩٧) .

(١٢) صحيح الجامع الصغير رقم: (٧٣١١) .

لە فەرموودەیەكی قودسیدا هاتووە خوای گەورە دەفەرمێت: ((يسب بنو آدم الدهر وأنا الدهر، بيدي الليل والنهار))[١٣].

واتە: ئادەمیزاد جوێن بە كات و زەمان دەدات، وە من (واتە: خوای گەورە) بە دیهێنەر و بەڕێوەبەری زەمانم و شەو و ڕۆژ بەدەستی من فەراهەم دێت .

كەواتە جوێن دان بەزەمانە فراوانە و ناوەڕۆكەكەی جوێن دانە بە خاوەنی زەمان كە خوای گەورەیە، جوێن دانیش بە خودا حوكمەكەی ڕوونە ! .

**(٥) جوێن دان بە نەخۆشی (لەرز و تا):**

هەموو ئەو ئازار و نەرەحەتیانەی كە بەسەر موسڵماناندا دێت بە فرمانی پەروەردگارە و بۆ تاقی كردنەوەی ئەو كەسەیە، بۆیە پێویستە بە ئارام بێت و چاوەڕوانی پاداشت بێت نەك پێی پەست و دڵگران بێت و قسەی ناشیرین بە دەمیدا بێت، چونكە دەبێتە هۆی سڕینەوەی گوناهەكانی و پلە و پایەی بەرز دەبێتەوە، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژە دەكات و دەفەرمێت:

((لا تسبي الحمى فإنها تذهب خطايا بني آدم كما يذهب الكير خبث الحديد))[١٤].

واتە: جوێن بە (تا) مەدە چونكە بە ڕاستی گوناهەكانی مرۆڤ لادەبات هەروەك چۆن كورەی ئاگر ئاسن لە خەوش و خاك پاك دەكاتەوە .

بە پێی ئەم فەرموودەیە جوێن دان دروست نییە بە نەخۆشییەكان بە تایبەتی (تا) لەبەر ئەوەی بە ویستی پەروەردگارە و پەروەردگاریش پاكێتی مرۆڤەكانی دەوێت .

**(٦) جوێندان بە بـــا:**

بـــا یەكێكە لە دروست كراوە گوێڕایەڵەكانی پەروەردگار و سەربازێكە لە سەربازە بە زەبرەكانی، هەندێ جار بە سزا دەینێرێتە سەر زەوی و هەندێ جاریش بە سۆز و بەزەیی، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمێت:

((الريح من روح الله تأتي بالرحمة وتأتي بالعذاب فإذا رأيتموها فلا تسبوها

---

(١٣) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (٢٨٠٣) .

(١٤) صحيح الجامع الصغير رقم: (٧٣٢١) .

وأسألوا الله خيرها واستعيذوا بالله من شرها))[١٥].

واتە: با بەشێكە لە میهرەبانی خودا، هەندێ جار هەڵدەكات دەبێتە هۆی خێر و بەرەكەت بۆ بەندەكان و هەندێ جاریش دەبێتە ئەشكەنجە و زیان بۆیان، هەركاتێك هات بە ڕووتانا جوێن و قسەی ناشیرینی پێ مەڵێن، داوای خێر و فەڕەكەی لە پەروەردگار بكەن، پەناشی پێ بگرن لە شەڕ و زیانی .

لێرەدا دەردەكەوێت جوێن دان بە با و هاوشێوەكانی وەك: (باران، گەردەلوول، گەرمایی خۆر، تاریكی شەو ... هتد) كارێكی ناپەسەندە و ناڕازی بوونە بە شوێنەواری فەرمانەكانی خودای گەورە .

**(٧) جوێندان بە كەڵەشێر:**

لە ناو گشت توێژی زیندەوەرەكاندا پلەی بەڕێز و بەڕێز تر هەیە، بەم پێوەرە لە ناو پەلەوەرەكاندا كەڵەشێر لای خودای گەورە بەڕێزترە لە هاوچەشنەكانی، ئەمەش لەبەر ئەوەی خودای پەروەردگار توانای دەداتێ لە كاتی خوێندن و قوولەیدا فریشتە بەڕێزەكان ببینێت و بە دەنگی خۆش خەڵكی بێدار بكاتەوە بۆ بەندایەتی و نوێژ و ... هتد .

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لا تسبوا الديك فإنه يوقظ للصلاة))[١٦].

واتە: جوێن بە كەڵەشێر مەدەن چونكە خەوتوەكان بێدار دەكاتەوە بۆ نوێژ كردن و خواپەرستی .

لەمەوە بۆمان ئاشكرا دەبێت كە جوێن دان بە كەڵەشێر یەكێكە لەسەر پێچەیەكانی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها پێچەوانەی ئاداب و ئاكارەكانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە .

**چاوەڕوانی زنجیرەی دووەم بن**

إن شاء الله...

وصلى الله وسلم على نبينا محمد
وعلى آله وصحبه أجمعين

(١٥) صحيح الجامع الصغير رقم: (٣٥٦٤) .

(١٦) صحيح الجامع الصغير رقم: (٧٣١٤) .